

گەشاوە جاف

**ئەمڕۆ ، ڕۆژی جیابوونەوەیە**

وەرگێڕانی لە هۆڵەندی یەوە:

ئەمە سەردێڕی هەواڵی ڕۆژنامەی تەلی گرافی هۆڵەندی بوو ،کە باسی لە ڕۆژی جیابوونەوە یان هەڵوشاندنەوەی خێزانەکانی دەکرد .

ئەمستردام - بە بۆچوونی قازیەکان و پارێزەران ڕۆژی حەوتی مانگی یەك ئەو ڕۆژەیە کە بە ڕێژەیەکی زۆر داوانامەی جیابوونەوە پێشکەس بە دادگا دەکرێت.

بەبۆچوونی ئۆفیسی پاریزەرانی ڕیزۆلەیشنی بەریتانی ،بۆ پاریزەرەکان ئەم کاتە بە سەرقاڵ ترین کات دەزانرێت لە هەر ساڵێکدا، هەروەها ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆژانی جەژناکانی مانگی دیسەمبەر بە ماوەیەکی پر ستریس دەزانریت.

لە شوێنی ئەوەی کە ئەم کاتە پڕ خۆشیانەی جەژنەکان ،ئەو کاتە بیت بۆ زیاتر چوونە پێشەوەی پەیوەندیەکان لەهەر خێزانێکدا ، بۆ زۆربەی کەس مانای هەڵوشاندنەوەی پەیوەندیەکانیانە بەتایبەتی خێزانی، بەڵام بۆ ئەوەی کاتە خۆشییەکان لە منداڵەکانیان و کەس وکاریان تێك نەدەن لە پەیوەندیان بەردەوام دەبن کاتی جەژنەکان . پارێزەران ووتیان بەڵام کە ڕۆژی جەژنەکان کۆتایی هات کەوتنە ساڵی تازە بەتایبەتی حەوتی مانگی یەك داواکاری تەڵاق یان جیابوونەوە دەست پێ دەکات.

بەپێی ئەم هەواڵە ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە چۆن رۆژی ڤەڵەنتاین ، دایکان و باوکان ...هتد هەن ئەتوانرێت رۆژی حەوتی مانگی یەکی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی جابوونەوە ناوزەندبکرێت بەهۆی زۆری داواکردنی هەلوەشاندنەوەی خێزانەکان لەم رۆژەدا.

لەندەن / ٢٠٠٨